

# زانکۆی بەتاڵ لە مەعریفە

**فەرمان ساڵح**

ئەگەر زانکۆ ئەو پانتاییە مەعریفیە بێت ،کەتیایدا خوێندکار ڕۆڵ وئەرکەکانی خۆی بدۆزێتەوە وبەشێوە یەکی شمولی لەو ئیتارە نێگەتیڤەی دابونەریت دەرباز بێت و ببێتە تاکێکی کاراو سەرلەبەری بۆچوونەکانی لەعەقڵیەتی تەسك وناتەندروست بەتاڵ بکاتەوە ،ئەوا ئەو خوێندنەوەیە بۆ زانکۆکانی ئێمە دروست نیە،لێرە زانکۆ لەبازاڕێکی گەورە دەچێت، کە خەڵکانێك بۆ گەشت کردن سەردانی بکەن وکۆمەڵێك ڕەهەندی تەرفیهیو مەودای کورت بڕی هەیەو لەوێدا قوتابیان ناتوانن باری سەرنجی خۆیان بەئاشکرا بخەنە ڕوو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان بەهێز بکەن.ئەگەریش زانکۆ ئەو پێوەرە بێت، کەقوتابی لەوێدا کامڵ بێت ولەواقیعی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی وڵاتەکەی تێبگات، دیسانەوە لەزانکۆکانی ئێرەدا هاوکێشەکە رێك پێچەوانەیە لیچرە پڕۆگرامەکان نەك خوێندکارلەرووە مەعریفیەکەوە پێش ناخەن،بەرەو سست بوون و داتەپینی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیشی دەبەن. بۆیەپێم وایە زانکۆکان ئەونێوەندە مەعریفیە نین، لەوێدا خوێندکار تێگەیشتن و بیرو بۆچونەکانی فراوان ببن وببێتە ئەو تاکە پڕشیانەی کەکۆمەڵگای ئێمە پێویستی پێیەتی،چونکە زانکۆکانی ئێمە هێندەی بە منافەسەو کێبڕکێی نێوان مامۆستایانی زانکۆوە خەریکن هێندە بە لایەنە مەعریفیەکەوە پابەند نین وقوتابیانیش بەشێکی زۆریان زانکۆ بە نسیەی حەسانەوەو کات بەسەر بردن تەماشا دەکەن.بۆیەش هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان کەسێك کەلە گوندێکی دورەدەستی ئەو کۆمەڵگایە و خوێندکارێك کە لە زانکۆدەخوێنێ هەست پێناکرێت، تەنها ئەوە نەبێت خوێندکارەکە دەتوانێت بخوێنێت و بنوسێت، ئەگینا لەوانەیە لە زۆر رووەوە لۆژیك و بیر کردنەوەیان لە ناو یەك بازنەی داخراو دابێت و خوێندنەوەیەکی هەمان ئاراستەیان بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هەبێت، خوێنکاری زانکۆ ئەرکێکی قورسی لەبەردەمدایە، ئەو دەبێت قەیرانە کۆمەڵایەتیەکان ورد و خاش بکات، کە بە ڕووی کۆمەڵگادا هەڵشاخاون، لە دیوێکی دیکەش فەوزایەکی گەورەی هەرەس هێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە زانکۆدا دروست دەبێت، چونکە کچان لە زانکۆ ئەو شیانە مەعریفیەیان نییە بتوانن کۆمەڵێ پەیوەندی تەندروست لەگەڵ ڕەگەزەکەی دیکەدا کە کوڕانن گرێ بدەن و بەدەر بن لە کێشەو ئاستەنگەکانی داب و نەریت، خوێندکاری زانکۆ ئەگەر جەوهەرەکەی وەربگرین هەمان کەرەستەی پێش چوونە زانکۆیە لە رووی مەعریفیەوە ، تا چوار ساڵی زانکۆ تەواو دەکات کۆمەڵێ چەمك و هاوکێشەی نەگۆڕی ناو پڕۆگرامەکانی خوێندن فێر دەبێت و دید و بۆچونی بەرامبەر شتەهایەك  کە ڕووی نەرێنی کۆمەڵگان هیچ گۆڕانی بەسەردا نایەت، بۆیەشە زانکۆکانی ئێمە کۆمەڵێ تاکی ئیفلیج پەروەردە دەکەن و هیچ بەرهەمێکی لۆکاڵ و تەندروستیان نییە و بگرە ئەوانەی لە زانکۆش ماموستان دەرس دەڵێنەوە، کوڕی دابەکانن و ئەو توانایەیان  نییە نەوەیەکی پڕ لە مەعریفەو بەتاڵ لە داب و نەریتی تەسك و کورت مەودا پەروەردە بکەن و ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنی کۆمەڵگاکەیان بە ئاراستەیەکی ئەرێنی بگۆڕن.